گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شیکردنەوەی ئاماری پەیوەندی نێوان پلەی گەرمی وبڕی بەهەڵمبون لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی لەنێوان ساڵانی 2013-2021

**هاورێ پێشرەو تۆفێق**
بەشی جوگرافیا،فاکەڵتی پەروەردە،زانکۆی کۆیە،کۆیە،هەرێمی کوردستان،عێراق.
hawre.peshraw@koyauniversity.org

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٤/٢/٢٢
پەسەندکردن:٢٠٢٤/٣/٢٧
بڵاو کردنەوە: هاوین٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**
*Temperature, Evaporation, Statistical correlation, Direct, inverse*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.9

## پوختە

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەرخستنی پەیوەندی نێوان پلەی گەرمی و بڕی بەهەڵمبون لەهەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی لەنێوان ساڵانی 2013-2021. بۆ دەرخستنی ئەم پەیوەندیە دوای شیکردنەوە بۆ هەردوو توخمی پلەی گەرمی و بەهەڵمبون، لەرێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن لە (SPSS) شیکردنەوەی ئاماری بۆ پەیوەندی نێوانیان کراوە. بۆ ئەم مەبەستەش پلانی توێژینەوەمان بەسەر تەوەرەی یەکەم:شیکردنەوە توخمەکانی پلەی گەرمی و بەهەڵمبون ،تەوەرەی دووەم:شیکردنەوەی ئاماری پەیوەندی نێوان پلەی گەرمی و بەهەڵمبون، دابەشکردوە. دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە پلەی گەرمی و بڕی بەهەڵمبون بەگوێرەی ساڵەکان و وێستگەکان جیاوازە، ئەم جیاوازیەش دەرئەنجامی کاریگەری هۆکارە ئاووهەوایەکانە کە دواجار کاریگەری لەسەر پەیوەندی لەنێوان هەردوو گۆڕاو هەبوە بەجۆرێک ئەم پەیوەند لە بەشێک لە وێستگەکان لە جۆری پەیوەندی ڕاستەوانە بوە و لە بەشێکی تری وێستگەکاندا پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی پلەی گەرمی و بەهەڵمبون لەجۆری پەیوەندی پێچەوانە بوە.

## پێشەکی :

پلەی گەرمی بەیەکێک لە هۆکارە گرنگەکان دادەنرێت کەوا کاریگەری لەسەر توخمە ئاووهەوایەکان بەگشتی و بەهەڵمبون بەتایبەتی هەیە ئەم کاریگەریەش گۆڕانی بەسەر دادێت بە گوێرەی زیاد و کەمبون لە پلەی گەرمیدا. سەرەڕای ئەوەی پرۆسەی بەهەڵمبون لە پلەی گەرمای نزمیش ڕوودەدات. بەڵام، بە زیاد بونی پلەی گەرمی گەردەکانی ئاو وزەی زیاتر هەڵدەمژن، کە وادەکات توانای ڕاگرتنی وزەی هەڵگیراوی کەم ببێتەوە، لە حاڵەتی کەمی شێدا، ئەمە وادەکات گەردە ئاویەکان زیاترو خێراتر بجوڵێن و بەهەڵمبون ڕوبدات، بۆیە لە ڕۆژانی گەرم یان پلەی گەرمی بەرز لەدەستدانی ئاو بەهۆی هەڵمبوونەوە زیاتر دەبێت بەبەراورد بەو ڕۆژانەی پلەی گەرمی نزمە.

**گرنگی توێژینەوە:**

1- شیکردنەوە بۆ تێکڕای پلەی گەرمی و بەهەڵمبون لە هەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی.

2- دەرخستنی پەیوەندی نێوان پلەی گەرمی و بڕی بەهەڵمبون لە ناوچەی وەرگیراودا.

**گرفتی توێژینەوە:** گرفتی توێژینەوەمان بریتیە لە جیاوازی پلەی گەرمی بەگوێرەی هەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی و تاچەند کاردەکاتە سەر جیاوازی بەهەڵمبون.

**گریمانەی توێژینەوە:**

1- جیاوازی لە تێکڕای پلەی گەرمی و بڕی بەهەڵمبون هەیە بەگوێرەی ساڵانی وەرگیراو.

2- جیاوازی پلەی گەرمی تاچەند کاریگەری کردوەتە سەر بڕی بەهەڵمبون. یاخود هۆکارەکانی تر ڕۆلیان هە یە لە سە ر بە هە ڵم بون.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی توێژینەوەکەمان سەرەتا بریتییە لە شیکردنەوە بۆ هەردوو توخمی پلەی گەرمی و بەهەڵمبون و دواتر زانینی پەیوەندی نێوانیانە بە گوێرەی وێستگەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**میتۆدی توێژینەوە:** بۆگەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەمان میتۆدی)الاستنباطي(مان بەکارهێناوە کە بە میتۆدێکی گونجاو دادەنرێت بۆ ئەم توێژینەوانە بەمەبەستی دەرخستنی پەیوەندی نێوان پلەی گەرمی و بەهەڵمبون لە ڕێگەی:

1- کۆکردنەوەی داتای تایبەت بە پلەی گەرمی و بەهەڵمبون لەنێوان سالآنی (2013-2021)

2- نیشاندانی داتاکان لە خشتە تایبەت بۆ شیکردنەوەی هەردوو توخمی پلەی گەرمی و بەهەڵمبون.

3- دەرخستنی پەیوەندی نێوان پلەی گەرمی و بەهەڵمبون لەڕێگەی خشتەو شێوەی تایبەت. پاڵپشت بە بەرنامەی (SPSS ver 19).

پلانی توێژینەوە: تەوەرەی یەکەم:شیکردنەوە توخمەکانی پلەی گەرمی و بەهەڵمبون.


تەوەرەی دووەم:شیکردنەوەی ئاماری پەیوەندی نێوان پلەی گەرمی و بەهەڵمبون.

## ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:-

سنوری توێژینەوەمان پێکهاتوە لە وەرگرتنی هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی، وێستگەکانی(هەولێر،شەقلاوە،سۆران،مێرگەسور) لە پارێزگای هەولێر و وێستگەکانی (دەربەندیخان، چەمچەماڵ، سلێمانی، دوکان) لە پارێزگای سلێمانی،ڕوبەری ناوچەی توێژینەوەمان بەیەکەوە دەگاتە(28825کم٢)* لەنێوان هەردوو بازنەی پانی (- 00ً- 06-35ْ) و (- 00ً- 12-36ْ) و هەردوو هێڵی درێژی(- 00ً- 2-44ْ) و (- 00ً- 41-45ْ). نەخشەو خشتەی ژمارە (١).لەڕوی ڕەهەندی کاتیەوە ماوەی وەرگیراوی توێژینەوەکەمان بریتە لە (9) ساڵ لەنێوان سالآنی (2013-2021).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی ژمارە(1) شوێنی ئەسترۆنۆمی پارێزگای هەولێر و سلێمانی بەگوێرەی هەرێمی کوردستان




سەرچاوە:ئامادەکراوە بە بەکارهێنانی پرۆگرامی Arc GIS v 10.8 بە پشت بەستن بە هاشم یاسین حمد امین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق وجیهان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تێنوس، هەولێر، 2009، لا39.

خشتەی ژمارە(1) زانیاری دەربارەی وێستگە ئاووهەوایەکان

| ژ | | وێستگە | بەرزی لەئاستی ڕوی دەریا بە (م) | بازنەی پانی | | هێڵی درێژی | | ماوەی وەرگرتن | شوێنی جوگرافی وێستگەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | چرکە | پلە | چرکە | پلە | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | پارێزگای هەولێر | هەولێر | 420 | 12 | 36 | 2 | 44 | 2013-2021 | ناوچەی نیمچە شاخاوی |
| 2- | | شەقڵاوە | 980 | 24 | 36 | 19 | 44 | 2013-2021 | ناوچەی شاخاوی |
| 3- | | سۆران | 680 | 39 | 36 | 32 | 44 | 2013-2021 | ناوچەی شاخاوی |
| 4- | | مێرگەسور | 1204 | 50 | 36 | 18 | 44 | 2013-2021 | ناوچەی شاخاوی |
| 1- | پارێزگای سلێمانی | دوکان | 690 | 11 | 35 | 08 | 45 | 2013-2021 | ناوچەی شاخاوی |
| 2- | | سلێمانی | 884.8 | 33 | 35 | 27 | 45 | 2013-2021 | ناوچەی شاخاوی |
| 3- | | چەمچەماڵ | 708 | 33 | 35 | 51 | 45 | 2013-2021 | ناوچەی نیمچە شاخاوی |
| 4- | | دەربەندیخان | 513 | 06 | 35 | 41 | 45 | 2013-2021 | ناوچەی شاخاوی |

سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە:وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان،ئامارەکانی کەش و هەوا لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان سالآنی (2013-2021).

## تەوەرەی یەکەم:شیکردنەوە بۆ توخمەکانی پلەی گەرمی و بەهەڵمبون.

پلەی گەرمی:بریتیە لەو پلەی کە گەرمی پێو دیاری دەکات و پێوانە دەکرێت بە ئامێرو سیستەمی تایبەت.پلەی گەرمی دەگۆڕێت بە گۆڕانی(بازنەی پانی-بەرزی لە ئاستی ڕوی دەریا-دوری و نزیکی لە ڕوبەرە ئاویەکان). (السامرائي،57:2007).

هەرچی بەهەڵمبونە: پرۆسەی گۆڕانی ئاوە لە دۆخی شلی بۆ گازی لەئەنجامی وەرگرتنی وزە و گەرم بونی ڕوبەرە ئاویەکان و خاک و شوێنە شێدارەکان. بەهەڵمبون پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کۆمەڵێ هۆکار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاریگەری لەسەری ئەوانیش بریتین لە: (١-هۆکارە ئاووهەوایەکان وەک: تیشکی خۆر، پلەی گەرمی هەوا، شێی هەوا، خێرایی با، پەستانی بەرگەهەوا، ٢-هۆکارە زەویەکان وەک: شێی خاک ،توانای گەیشتنی ئاو بە خاک، قوڵی ئاوی ژێر زەوی، ڕەنگی خاک ،ئاڕاستەی لێژی،چڕی دابارین، ٣-هۆکارە ڕووەکیەکان وەک:جۆری ڕوەکەکان، قەبارەو چڕی ڕووەکەکان). ( العوامي، 2017: 174 ).

خشتەی ژمارە(2)پلەی گەرمی و بەهەڵمبون لەوێستگەی هەولێرلەنێوان ساڵانی 2013-2021

| ساڵ | | ویستگەی هەولێر | | | | | | | | | | | | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مانگەکان | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 | سەرجەم |
| 2013 | پلەی گەرمی | 7.4 | 12.1 | 14.9 | 20.3 | 25.3 | 31.4 | 34.3 | 34.1 | 28.8 | 23.2 | 17.4 | 9.6 | 21.5 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 46.5 | 61.6 | 124 | 120 | 223.2 | 315 | 350.3 | 325.3 | 243 | 201.5 | 78 | 52.7 | 2141.1 |
| 2014 | پلەی گەرمی | 10.6 | 11.5 | 15.8 | 20.6 | 27.3 | 31.8 | 35.0 | 35.3 | 29.6 | 22.8 | 14.6 | 11.7 | 22.2 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 46.5 | 8.8 | 111.6 | 165 | 272.8 | 354 | 396.8 | 362.7 | 272.8 | 136.4 | 72 | 43.2 | 2242.6 |
| 2015 | پلەی گەرمی | 9.1 | 11.0 | 14.2 | 19.2 | 27.4 | 31.5 | 36.2 | 35.5 | 32.3 | 24.6 | 15.1 | 9.9 | 22.1 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 46.5 | 56 | 96.1 | 147 | 294.5 | 360 | 375.1 | 359.6 | 270 | 155 | 78 | 49.6 | 2287.4 |
| 2016 | پلەی گەرمی | 7.9 | 12.2 | 17.6 | 19.7 | 26.1 | 32.6 | 35.5 | 36.2 | 29.5 | 24.5 | 15.6 | 8.7 | 22.1 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 40.3 | 67.2 | 120.9 | 195 | 257.3 | 357 | 384.4 | 350.3 | 252 | 176.7 | 105 | 40.3 | 2346.4 |
| 2017 | پلەی گەرمی | 11.7 | 10.9 | 17.2 | 28.3 | 29.6 | 34.2 | 36.6 | 34.4 | 27.3 | 23.6 | 16.8 | 13.8 | 23.7 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 52.7 | 80.6 | 93 | 138 | 279 | 330 | 409.2 | 418.5 | 303 | 210.8 | 87 | 80.6 | 2482.4 |
| 2018 | پلەی گەرمی | 10.7 | 12.4 | 18.4 | 21.2 | 25.8 | 31.8 | 35.5 | 34.6 | 31.9 | 25.7 | 16.0 | 11.5 | 22.9 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 68.2 | 61.6 | 148.8 | 207 | 244.9 | 342 | 399.9 | 347.2 | 285 | 186 | 66 | 27.9 | 2384.5 |
| 2019 | پلەی گەرمی | 9.5 | 10.8 | 12.4 | 15.7 | 26.2 | 33.0 | 33.1 | 34.9 | 30.2 | 25.4 | 16.6 | 12.3 | 21.7 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 49.6 | 50.4 | 68.2 | 129 | 319.3 | 455.7 | 434 | 573.5 | 348 | 300.7 | 144 | 68.2 | 2940.6 |
| 2020 | پلەی گەرمی | 9.1 | 9.9 | 15.5 | 18.7 | 25.9 | 34.2 | 36.4 | 33.4 | 32.7 | 25.8 | 17.1 | 11.8 | 22.5 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 55.8 | 120.4 | 145.7 | 129 | 306.9 | 429 | 505.3 | 452.6 | 384 | 148.8 | 108 | 71.3 | 2856.8 |
| 2021 | پلەی گەرمی | 10.8 | 12.2 | 14.6 | 22.3 | 29 | 31.8 | 35.7 | 35.1 | 28.9 | 23.9 | 17.5 | 11.4 | 22.7 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 49.6 | 72.8 | 139.5 | 165 | 272.8 | 396 | 437.1 | 499.1 | 339 | 201.5 | 72 | 58.9 | 2703.3 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ئامارەکانی کەش و هەوا لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (2013-2021).

داتاکانی خشتەی ژمارە(2) ئاماژە بەوە دەکەن کە:

1- نزمترین تێکڕای پلەی گەرمی لە ماوەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی 2013 دا بوە کە تێکڕای پلەی گەرمی وێستگەکە لەم ساڵیدا بریتی بوە لە 21.5 پلەی سەدی، بەرزترین تێکڕای پلەی گەرمی وەگیراو لەساڵی 2017 دا بوە کە 23.7 پلەی سەدی بوە. تێکڕای پلەی گەرمی وێستگەکە لەماوەی 9 ساڵی وەرگیراو بریتی بوە لە 22.4 پلەی سەدی. سەرەرای ئەوەی وێستگەکەکە بەشێکە لە کوردستان بەتەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەموو ئەو هۆکارانەی کەوا کار دەکەنە سەر بارودۆخی ئاووهەوای کوردستان وەک(تیشکی خۆر، بازنەی پانی،بەرزی و نزمی...هتد) بەڵام دەتوانین جیاوازی پلەی گەرمی لە وێستگەکە بەراورد بە وێستگەکانی تری پارێزگاکە بگەڕێنینەوە بۆ شوێنی هەڵکەوتنی وێستگەکە کە کەوتۆتە ناوچەی نیمچە شاخاوی، هەروەها وێستگەکە کەمترین بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریا بەراورد بە وێستگەکانی تری هەیە ئەمە وایکردوە بەرزترین تێکڕای پلەی گەرمی تیادا تۆماربکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- تایبەت بە بڕی بەهەڵمبون ، نزمترین بڕی بەهەڵمبون لەساڵی 2013دا بوە کە لەم ساڵیدا 2141.1 ملم بوە، هەرچی زۆرترین بڕی بەهەڵمبون بوە لەساڵی 2019 دا بوە کە 2940.6 ملم بوە. تێکڕای بەهەڵمبونی وێستگەکە لە ماوەی وەرگیراودا بریتی بوە لە 2487.2 ملم.توێژەر پێیوایە جیاوازی نێوان نزمترین و زۆرترین بڕی بەهەڵمبون دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی پلەی گەرمی لەنێوان هەردوو ساڵ و بڕی بارانی باریو** لەهەردوو ساڵدا کە وایکردوە ساڵی 2013 کەمترین بڕی بەهەڵم بون و ساڵی 2019 زۆرترین بڕی بەهەڵمبون تۆماربکرێت.

خشتەی ژمارە(3)پلەی گەرمی و بەهەڵمبون لەوێستگەی شەقڵاوەلەنێوان ساڵانی 2013-2021

| ساڵ | | وێستگەی شەقڵاوە | | | | | | | | | | | | تێکڕا سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مانگەکان | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 | |
| 2013 | پلەی گەرمی | 7.9 | 8.2 | 11.2 | 16.3 | 21.1 | 27.7 | 30.3 | 30.0 | 25.1 | 18.2 | 12.7 | 5.7 | 17.9 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 15.5 | 24.8 | 39.8 | 57.8 | 75.6 | 120.1 | 218.6 | 278.7 | 179.2 | 75.5 | 30 | 15 | 1130.6 |
| 2014 | پلەی گەرمی | 6.8 | 7.8 | 12.0 | 17.7 | 23.3 | 36.7 | 31.7 | 31.5 | 25.8 | 18.7 | 10.6 | 8.8 | 19.3 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 28.2 | 31.2 | 34.9 | 46.2 | 144.8 | 295.1 | 413.2 | 357.6 | 247.6 | 106.2 | 38 | 21.1 | 1764.1 |
| 2015 | پلەی گەرمی | 5.8 | 7.5 | 10.6 | 15.5 | 22.9 | 28.0 | 32.2 | 31.3 | 27.9 | 19.6 | 11.3 | 15.5 | 19.0 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 23.5 | 29 | 54.4 | 74.9 | 150 | 272.1 | 360.2 | 320.8 | 199.3 | 95.9 | 17.5 | 15.4 | 1613 |
| 2016 | پلەی گەرمی | 4.3 | 9.2 | 11.1 | 17.1 | 21.9 | 27.7 | 31.5 | 32.2 | 25.7 | 20.9 | 12.8 | 5.3 | 18.3 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 12.8 | 35 | 44.6 | 70.8 | 190.9 | 276.9 | 432.9 | 347 | 182.8 | 134.7 | 59.1 | 7.6 | 1705.1 |
| 2017 | پلەی گەرمی | 15.5 | 7.7 | 10.0 | 15.8 | 22.6 | 28.3 | 32.8 | 32.7 | 29.2 | 19.3 | 12.2 | 10.7 | 19.7 |
| | بەهەڵمبون | 10 | 11.5 | 15.9 | 56.5 | 191.3 | 299.8 | 346 | 332.8 | 212.5 | 112 | 42.2 | 10.8 | 1641.3 |

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بە(ملم) | | | | | | | | | | | | | |
| 2018 | پلەی گەرمی | 6.4 | 8.8 | 17.7 | 16.6 | 20.9 | 27.7 | 31.7 | 30.9 | 27.8 | 20.6 | 11.5 | 7.4 | 19.0 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 8.6 | 12.4 | 65.7 | 116 | 161 | 282 | 368 | 325 | 261.4 | 120.2 | 37.5 | 13.7 | 1771.5 |
| 2019 | پلەی گەرمی | 5.0 | 6.4 | 8.3 | 12.0 | 23.0 | 29.6 | 30.5 | 32.1 | 20.8 | 20.9 | 12.8 | 8.3 | 17.5 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 11.2 | 11 | 12.4 | 24.7 | 173 | 313 | 329 | 320 | 238 | 145 | 83 | 38.5 | 1698.8 |
| 2020 | پلەی گەرمی | 7.8 | 5.7 | 11.8 | 30.2 | 22.7 | 27.9 | 32.7 | 30.2 | 28.9 | 22.1 | 12.7 | 8.7 | 20.1 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 25 | 29.5 | 92 | 122 | 211 | 306 | 340 | 304 | 254 | 179 | 94 | 77 | 2033.5 |
| 2021 | پلەی گەرمی | 7.1 | 8.8 | 11.0 | 19.5 | 25.5 | 29.1 | 32.7 | 31.7 | 10.6 | 20.5 | 13.6 | 8.3 | 18.2 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 62.5 | 100 | 136 | 182 | 251.1 | 294 | 282.1 | 282.1 | 234 | 133.3 | 36 | 55.4 | 2048.5 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو،بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر،لقی شەقڵاوە، هۆبەی پلاندانان، بەشی ئامار، لە نێوان ساڵانی (2021-2013).

بەڕوانین بۆ خشتەی ژمارە (3) ی تایبەت بە وێستگەی شەقڵاوە:

1- نزمترین تێکڕای پلەی گەرمی لە ماوەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی 2019 دا بوە کە تێکڕای پلەی گەرمی وێستگەکە لەم ساڵیدا بریتی بوە لە 17.5 پلەی سەدی، بەرزترین تێکڕای پلەی گەرمی وەگیراو لەساڵی 2020 دا بوە کە 20.1 پلەی سەدی بوە. تێکڕای پلەی گەرمی وێستگەکە لەماوەی 9 ساڵی وەرگیراو بریتی بوە لە 18.8 پلەی سەدی

2- تایبەت بە بڕی بەهەڵمبون لە وێستەگەکە ، نزمترین بڕی بەهەڵمبون لەساڵی 2013دا بوە کە لەم ساڵیدا 1130.6 ملم بوە، هەرچی زۆرترین بڕی بەهەڵمبون بوە لەساڵی 2021 دا بوە کە 2048.5 ملم بوە. تێکڕای بەهەڵمبونی وێستگەکەلە ماوەی وەرگیراودا بریتی بوە لە 1711.8 ملم.

## گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە(4)پلەی گەرمی و بەهەڵمبون لەوێستگەی سۆران لەنێوان ساڵانی 2013-2021

| ساڵ | | وێستگەی سۆران | | | | | | | | | | | | تێکڕا/ سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مانگەکان | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 | |
| 2013 | پلەی گەرمی | 4.2 | 8.2 | 11.2 | 16.7 | 20.7 | 28.7 | 32.5 | 30.3 | 26.8 | 20.7 | 14.4 | 5.1 | 18.3 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 11.9 | 28.1 | 54.2 | 101.4 | 146.2 | 236 | 262.4 | 234.5 | 162 | 406.2 | 44.6 | 15.5 | 1703 |
| 2014 | پلەی گەرمی | 5.8 | 11.4 | 11.0 | 16.1 | 23.7 | 28.1 | 26.1 | 33.6 | 27.6 | 17.3 | 11.0 | 6.7 | 18.2 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 24.2 | 48.7 | 64.6 | 97.5 | 165.2 | 241.9 | 274 | 247.6 | 181.2 | 61.1 | 23.1 | 18.1 | 1447.2 |
| 2015 | پلەی گەرمی | 4.7 | 7.7 | 9.4 | 14.9 | 20.7 | 29.5 | 33.3 | 32.4 | 27.0 | 20.3 | 10.7 | 7.8 | 18.2 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 20.7 | 32.6 | 47.3 | 82.4 | 146 | 230.9 | 280.3 | 252.5 | 168 | 55.6 | 30.6 | 18.4 | 1365.3 |
| 2016 | پلەی گەرمی | 3.7 | 9.9 | 9.8 | 17.1 | 22.1 | 28.9 | 33.9 | 32.4 | 25.3 | 20.8 | 10.3 | 2.7 | 18.1 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 9.7 | 34.9 | 40.6 | 97.4 | 153.4 | 253.6 | 278.7 | 250.3 | 189.4 | 102.8 | 49.3 | 16 | 1476.1 |
| 2017 | پلەی گەرمی | 4.1 | 2.8 | 11 | 15.8 | 22.4 | 29.5 | 33.1 | 26.8 | 29.3 | 20.0 | 11.8 | 7.7 | 17.9 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 19.1 | 30.7 | 45.5 | 85.8 | 176.8 | 252.3 | 282.1 | 265.7 | 187.6 | 103.1 | 27.3 | 12 | 1488 |
| 2018 | پلەی گەرمی | 5.9 | 8.8 | 11.9 | 16.8 | 20.5 | 29.0 | 34.2 | 29.9 | 29.0 | 21.0 | 13.0 | 6.3 | 18.9 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 14.2 | 19.7 | 59.4 | 87 | 91.1 | 215.1 | 273.7 | 257.6 | 182.7 | 86.2 | 39 | 5.9 | 1331.6 |
| 2019 | پلەی گەرمی | 4.4 | 6.3 | 8.9 | 12.6 | 22.9 | 28.0 | 30.8 | 26.2 | 22.4 | 18.3 | 12.0 | 8.1 | 16.7 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 17.2 | 21.3 | 29.1 | 51.3 | 140.6 | 214.7 | 256.1 | 284.6 | 185.9 | 114.3 | 45.8 | 18.3 | 1379.2 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2020 | پلەی گەرمی | 4.2 | 4.9 | 11.9 | 15.4 | 21.3 | 27.8 | 33.3 | 30.5 | 28.4 | 21.6 | 11.6 | 7.1 | 18.2 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 15.1 | 11.1 | 24 | 29.8 | 172 | 143.3 | 148.3 | 135.5 | 265.2 | 126 | 99 | 21.5 | 1190.8 |
| 2021 | پلەی گەرمی | 5.8 | 8.7 | 12.5 | 18.8 | 22.1 | 28.6 | 33.1 | 29.8 | 24.5 | 19.4 | 11.6 | 7.6 | 18.5 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 20.4 | 30.4 | 52.5 | 115.4 | 152.3 | 172.5 | 253.2 | 198.9 | 186.7 | 110.5 | 40.2 | 19.3 | 1352.3 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو،بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر،هۆبەی ئاماری کەشناسی، ئاماری وێستگەی کەشناسی سۆران لە نێوان ساڵانی (2013-2021).

بەڕوانین بۆ خشتەی ژمارە (4) ی تایبەت بە وێستگەی سۆران:

1- نزمترین تێکڕای پلەی گەرمی وێستگەی سۆران لەساڵانی وەرگیراو لەساڵی 2019 دا کە 16.7 پلەی سەدی بوە، هەرچی بەرزترین تێکڕای پلەی گەرمی وێستگەکەیە لەساڵی 2018 دا کە 18.9 پلەی سەدی بوە. تایبەت بە تێکڕای پلەی گەرمی وێستگەکە لەماوەی 9 ساڵی وەرگیراودا 18.1 پلەی سەدی بوە.

2- کەمترین بڕی بەهەڵمبون لە ساڵی 2020 دا کە 1190.8 ملم بوە، زۆرترین بڕی بەهەڵمبونیش لە وێستگەکە لەساڵی 2017 دا کە 1488 ملم بوە و تێکرای بەهەڵمبونیش لە وێستگەکە لەساڵانی وەرگیراو1414.8 ملم بوە.

خشتەی ژمارە(5)پلەی گەرمی وبەهەڵمبون لەوێستگەی مێرگەسۆر لەنێوان ساڵانی 2013-2021

| ساڵ | | وێستگەی مێرگەسۆر | | | | | | | | | | | | تێکڕا/ سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مانگەکان | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 | |
| 2013 | پلەی گەرمی | 2.7 | 7.3 | 9.9 | 11.6 | 14 | 22.5 | 29.7 | 26.2 | 25.2 | 18.7 | 12.3 | 3.3 | 15.3 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 39.4 | 7.6 | 3.4 | 12.1 | 2.8 | 0.4 | 4.4 | 5.8 | 4.4 | 6.3 | 8.8 | 3.1 | 98.5 |
| 2014 | پلەی گەرمی | 3.1 | 2.2 | 12.2 | 15.1 | 21.2 | 23.1 | 29.8 | 27.4 | 25 | 16.1 | 11 | 8.1 | 16.2 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 27.5 | 8.2 | 24.2 | 27.6 | 24.1 | 22.4 | 25.2 | 21.6 | 22.8 | 46.7 | 7 | 25.1 | 282.4 |
| 2015 | پلەی گەرمی | 2.8 | 5.7 | 9.4 | 12.8 | 17.2 | 24.4 | 29.4 | 28 | 18.5 | 15.5 | 13.7 | 3.4 | 15.1 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 23.9 | 23.4 | 23.6 | 23.5 | 23.2 | 23.1 | 22.9 | 23.2 | 23.6 | 23.8 | 23.8 | 24.1 | 281.9 |
| 2016 | پلەی گەرمی | 0.6 | 9.4 | 10.3 | 14.9 | 19.8 | 23.6 | 29.1 | 25.3 | 21.2 | 15.7 | 11.8 | 6 | 15.6 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 43.2 | 70 | 83.4 | 93 | 176.1 | 24.1 | 24.7 | 24.3 | 23.2 | 23.9 | 24 | 23.9 | 633.8 |
| 2017 | پلەی گەرمی | 3.3 | 6.3 | 10.3 | 13.6 | 20.4 | 26.8 | 30.4 | 26.8 | 20.6 | 17.1 | 13.3 | 3.1 | 16 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 22.1 | 23.7 | 24 | 26.7 | 23.4 | 23 | 23 | 23 | 23.6 | 23.8 | 25.4 | 25.6 | 287.3 |
| 2018 | پلەی گەرمی | 5.5 | 7.3 | 11.5 | 12 | 14.3 | 24.6 | 30.4 | 30.9 | 20.6 | 15.8 | 10.5 | 5.2 | 15.7 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 24 | 24 | 23.8 | 24.5 | 24 | 23.2 | 22.9 | 23.1 | 23.7 | 24.1 | 24.3 | 24.4 | 285.9 |
| 2019 | پلەی گەرمی | 2.2 | 7.1 | 9.6 | 12.3 | 17.6 | 24.6 | 30.4 | 26.8 | 20.6 | 15.5 | 12 | 8.7 | 15.6 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 24 | 23.9 | 23.6 | 23.7 | 23.8 | 23.4 | 23 | 2.5 | 23.6 | 24 | 24.2 | 24.2 | 261.4 |
| 2020 | پلەی گەرمی | -0.5 | 0.4 | 7.6 | 10.2 | 16.1 | 24.6 | 30.4 | 26.8 | 20.2 | 17.1 | 10.8 | 10.4 | 14.5 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 55.5 | 59.4 | 59.4 | 59.6 | 59.4 | 60 | 59.5 | 59.4 | 32.1 | 21.4 | 9.7 | 11.8 | 547.2 |
| 2021 | پلەی گەرمی | 2.4 | 3.8 | 7 | 11.4 | 17.3 | 23.6 | 30.3 | 27.3 | 21.2 | 16.1 | 11.2 | 9.1 | 15.1 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 23.1 | 57.8 | 63.2 | 45.1 | 29.3 | 26.2 | 24.8 | 22.5 | 20.4 | 14.2 | 9.6 | 11.4 | 347.6 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو،بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر،بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی مێرگەسۆر، هۆبەی کەشناسی مێرگەسۆر ، وێستگەی مێرگەسۆر لە نێوان ساڵانی (2021-2013).

بەڕوانین بۆ خشتەی ژمارە (5) ی تایبەت بە وێستگەی مێرگەسۆر:

1- نزمترین تێکڕای پلەی گەرمی وێستگەی مێرگۆسۆر لەساڵانی وەرگیراو لەساڵی 2020 دا کە 14.5 پلەی سەدی بوە، هەرچی بەرزترین تێکڕای پلەی گەرمی وێستگەکەیە لەساڵی 2014 دا کە 16.2 پلەی سەدی بوە.تایبەت بە تێکڕای پلەی گەرمی وێستگەکە لەماوەی 9ساڵی وەرگیراودا 15.5 پلەی سەدی بوە.هۆکاری نزمی پلەی گەرمی وێستگەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی وێستگەکە لە ئاستی ڕوی دەریا کە بەرزیەکەی دەگاتە 1204م .لەڕوی زانستیەوە هەتا بەرزبینەوە لەئاستی ڕوی دەریا پلەی گەرمی نزم دەبێتەوە،بەجۆرێک هەر 100 م بەرزبوونەوە لەئاستی ڕوی دەریا پلەی گەرما بەنزیکەی0,98پلەی سەدی بۆهەوای وشک و نزیکەی 0,6 پلەی سەدی بۆهەوای شێدار دادەبەزێت.(علی،107:2001)

2- کەمترین بڕی بەهەڵمبون لە ساڵی 2013 دا کە 98.5 ملم بوە، زۆرترین بڕی بەهەڵمبونیش لە وێستگەکە لەساڵی 2016 دا کە 633.8 ملم بوە و تێکرای بەهەڵمبونیش لە وێستگەکە لەساڵانی وەرگیراو336.2 ملم بوە.

خشتەی ژمارە(6)پلەی گەرمی و بەهەڵمبون لەوێستگەی دوکان لەنێوان ساڵانی 2021-2013

| ساڵ | | وێستگەی دوکان | | | | | | | | | | | | تێکڕا/ سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مانگەکان | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 | |
| 2013 | پلەی گەرمی | 7.5 | 9.8 | 13.2 | 19.1 | 24.7 | 31.6 | 35.0 | 34.6 | 29.4 | 22.5 | 15.9 | 8.0 | 20.9 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 40.3 | 53.2 | 111.6 | 165 | 263.5 | 384 | 427.8 | 390.6 | 282 | 217 | 81 | 59.9 | 2475.9 |
| 2014 | پلەی گەرمی | 8.4 | 9.6 | 13.9 | 17.8 | 25.7 | 31.8 | 35.3 | 35.2 | 30.2 | 22.1 | 13.4 | 9.6 | 21.1 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 52.7 | 86.8 | 99.2 | 135 | 257.3 | 339 | 347.2 | 337.9 | 240 | 120.9 | 57 | 27.9 | 2100.9 |
| 2015 | پلەی | 7.5 | 9.6 | 12.9 | 17.3 | 25.9 | 32.0 | 36.2 | 35.9 | 30.9 | 22.9 | 13.0 | 8.3 | 21.0 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | گەرمی | | | | | | | | | | | | | |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 34.1 | 53.2 | 99.2 | 135 | 244.9 | 321 | 387.5 | 341 | 258 | 130.2 | 51 | 46.5 | 2101.6 |
| 2016 | پلەی گەرمی | 6.5 | 10.8 | 13.1 | 18.4 | 25.4 | 31.5 | 35.5 | 36.0 | 29.8 | 24.3 | 15.3 | 7.7 | 21.2 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 55.8 | 61.6 | 74.4 | 87 | 223.2 | 354 | 251.1 | 244.9 | 318 | 217 | 78 | 46.5 | 2011.5 |
| 2017 | پلەی گەرمی | 7.0 | 6.4 | 12.4 | 17.6 | 25.1 | 31.6 | 36.2 | 36.0 | 31.9 | 30.0 | 15.3 | 11.8 | 21.8 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 49.6 | 132 | 93 | 129 | 229.4 | 597 | 384.4 | 393.7 | 546 | 164.3 | 126 | 68.2 | 2912.6 |
| 2018 | پلەی گەرمی | 8.9 | 10.4 | 16.1 | 18.9 | 23.5 | 31.9 | 35.9 | 34.8 | 31.3 | 24.5 | 14.6 | 10.1 | 21.7 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 62 | 67.2 | 120.9 | 144 | 182.9 | 549 | 406.1 | 378.2 | 291 | 189.1 | 60 | 65.1 | 2515.5 |
| 2019 | پلەی گەرمی | 7.5 | 9.1 | 10.5 | 14.5 | 24.4 | 32.8 | 34.1 | 35.2 | 30.3 | 24.1 | 15.7 | 10.9 | 20.8 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 58.9 | 50.4 | 68.2 | 117 | 238.7 | 363 | 409.2 | 399.9 | 291 | 189.1 | 93 | 55.8 | 2334.2 |
| 2020 | پلەی گەرمی | 7.6 | 7.5 | 13.7 | 17.7 | 25.0 | 31.2 | 36.0 | 33.8 | 32.2 | 24.7 | 15.5 | 10.5 | 21.3 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 37.2 | 53.2 | 96.1 | 123 | 223.2 | 351 | 415.4 | 415.4 | 345 | 189.1 | 102 | 62 | 2412.6 |
| 2021 | پلەی گەرمی | 8.9 | 10.4 | 13.3 | 20.9 | 28.6 | 32.8 | 36.3 | 35.6 | 30.5 | 24.1 | 16.8 | 10.4 | 22.4 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 65.3 | 61.6 | 96.1 | 159 | 223.2 | 408 | 437.1 | 421.6 | 303 | 192.2 | 93 | 65.1 | 2525.2 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو،بەڕێوەبەرایەتی بەنداوی دوکان،داتای ئاووهەوای نێوان ساڵانی (2021-2013).

بەڕوانین بۆ خشتەی ژمارە (6) ی تایبەت بە وێستگەی دوکان:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- نزمترین تێکڕای پلەی گەرمی تۆمار کراو لەساڵی 2019 دا کە 20.8 پلەی سەدی بوە، بەڵام بەرزترین تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانی وەرگیراو لە ساڵی 2021 دا کە 22.4 پلەی سەدی بوە ، هەرچی تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانی وەرگیراوی وێستگەکەیە بریتی بوە لە 21.4 پلەی سەدی.

2- سەرجەمی کەمترین بەهەڵمبونی ساڵانە لە وێستگەی دوکان لە ساڵی 2016 دا کە 2011.5 ملم بوە، بەڵام بەرزترین بەهەڵمبونی ساڵانەی وێستگەکە لە ساڵی 2017دا کە 2912.6 ملم بوەو تێکڕای بەهەڵمبونی وێستگەکە لە نێوان ساڵانی (2013-2021) دا بریتی بوە لە 2376.7 ملم.

خشتەی ژمارە(7)پلەی گەرمی و بەهەڵمبون لەوێستگەی چەمچەماڵ لەنێوان ساڵانی 2013-2021

| ساڵ | | وێستگەی چەمچەماڵ | | | | | | | | | | | | تێکڕا/ سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مانگەکان | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 | |
| 2013 | پلەی گەرمی | 7.7 | 10.8 | 14.1 | 19.4 | 23.8 | 29.2 | 32.7 | 33.6 | 29.0 | 23.5 | 13.2 | 8.0 | 20.4 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 18.6 | 36.4 | 102.3 | 249 | 267.9 | 330 | 279 | 252 | 189 | 65.1 | 33 | 21.7 | 1844 |
| 2014 | پلەی گەرمی | 8.5 | 9.7 | 13.5 | 19.2 | 25.7 | 31.3 | 34.1 | 32.5 | 27.6 | 21.1 | 12.8 | 10.3 | 20.5 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 24.8 | 70 | 111.6 | 156 | 232.5 | 330 | 353.4 | 359.6 | 231 | 111.6 | 49.6 | 34.1 | 2460.2 |
| 2015 | پلەی گەرمی | 7.7 | 9.7 | 13.6 | 18.5 | 25.4 | 30.2 | 34.2 | 33.5 | 30.1 | 22.9 | 14.0 | 7.2 | 20.6 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 34.1 | 53.2 | 102.3 | 158.1 | 213.9 | 312 | 458.5 | 455.7 | 210 | 127.1 | 66 | 49.6 | 2240.5 |
| 2016 | پلەی گەرمی | 7.0 | 11.1 | 13.6 | 19.1 | 24.4 | 31.3 | 33.8 | 34.3 | 28.0 | 22.8 | 14.0 | 7.4 | 20.6 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 24.8 | 39.2 | 83.7 | 144 | 217 | 309 | 384.4 | 418.5 | 282 | 170.5 | 111 | 34.1 | 2218.2 |
| 2017 | پلەی گەرمی | 7.4 | 7.2 | 12.8 | 18.5 | 25.2 | 30.2 | 34.8 | 34.0 | 29.0 | 21.2 | 15.0 | 11.7 | 20.6 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 24.8 | 56 | 102.3 | 279 | 275.9 | 333 | 434 | 378.2 | 303 | 195.3 | 87 | 40.3 | 2508.8 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2018 | پلەی گەرمی | 8.6 | 10.9 | 16.5 | 18.7 | 23.8 | 30.3 | 33.4 | 32.3 | 28.6 | 22.6 | 14.0 | 9.7 | 20.8 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 34.1 | 39.2 | 111.6 | 159 | 198.4 | 324 | 471.2 | 365.8 | 246 | 99 | 42 | 31 | 2121.3 |
| 2019 | پلەی گەرمی | 9.3 | 10.9 | 13.6 | 21.2 | 28.2 | 31.7 | 35.1 | 34.6 | 28.9 | 23.5 | 14.9 | 10.4 | 20.2 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 27.9 | 33.6 | 111.6 | 87 | 176.7 | 324 | 384.4 | 356.5 | 234 | 111.6 | 69 | 40.3 | 1956.6 |
| 2020 | پلەی گەرمی | 7.2 | 8.4 | 14.1 | 18.5 | 25.0 | 30.5 | 35.2 | 32.6 | 31.0 | 24.0 | 15.2 | 9.9 | 21.0 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 31 | 28 | 46.5 | 108 | 223.2 | 297 | 365.8 | 310 | 267 | 139.5 | 57 | 40.3 | 1913.3 |
| 2021 | پلەی گەرمی | 9.3 | 10.9 | 13.6 | 21.2 | 25.8 | 28.2 | 31.7 | 34.6 | 28.9 | 23 | 16.5 | 10.5 | 21.2 |
| | بەهەڵمبون بە(ملم) | 43.2 | 44.8 | 74.2 | 129 | 248 | 309 | 427.8 | 331.7 | 246 | 158.1 | 72 | 40.3 | 2124.1 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی سلێمانی،فەرمانگەی کەشناسی چەمچەماڵ، داتای ئاووهەوای نێوان سالآنی (2021-2013).

بەروانین بۆ خشتەی ژمارە (7) ی تایبەت بە وێستگەی چەمچەماڵ:

1- نزمترین پلەی گەرمی تۆمارکراوی سالآنە لە وێستگەی چەمچەماڵ لە ساڵی 2019 دا کە بریتی بوە لە 20.2 پلەی سەدی ، بەڵام بەرزترین پلەی گەرمی تۆمارکراوی سالآنە لەساڵی 2021 دا کە 21.2 پلەی سەدی بوە. هەرچی تێکڕای پلەی گەرمی سالآنەی وێستگەکەیە بریتی بوە لە 20.7 پلەی سەدی.

2- تایبەت بە بڕی بەهەڵمبون لە وێستەگەکە ، نزمترین بڕی بەهەڵمبون لەساڵی 2013دا بوە کە لەم ساڵیدا 1844 ملم بوە و زۆرترین بڕی بەهەڵمبونیش لەساڵی 2017 دا کە 2508.8 ملم بوە. تێکڕای بەهەڵمبونی وێستگەکە لە ماوەی وەرگیراودا بریتی بوە لە 2154.1 ملم.

گۆڤاری قەڵای زانست
